# باوکێك كه دیار نه‌ده‌ما!

# Pappan som försvann

ئاننا-كلارا تیدهولم

و/ دلاوه‌ر قه‌ره‌داغی

هەبوو نەبوو باوکێك هەبوو کە هیچ ناوێکی نەبوو.
ئەو باوکە هەمیشە دیار نەدەما.
ئەو باوکە دوو منالّی هەبوو کە ناویان ئامانج و تارا بوو.
دایکیشیان ناوی مەریەم بوو.
وەك گوتمان باوکیان هیچ ناوێکی نەبوو. تەنها بە (باوك) بانگدەکرا.
ئامانج و تارا هاواریان کرد: باوکە ... وەرە تەماشای هێلکەی جەژنەکەمان بکە کە رەنگمان کردووە و بە دەزوومانەوە کردووە و بە درەختی جەژندا هەڵمانواسیوە.

بەڵام باوکیان نەهات.

دایکییشیان ڕۆیشت تا خەریکی ئیشیماڵەکە بێت.

ئامانج و تارا پرسییان: ئەدی باوکمان کوا؟
دایکیان وەڵامیدانەوە: دیسانەوە دیار نەماوە. پێموایە لەپەنجەرەی ژووری میوانەوە ڕۆیشتووە. ئاخر پەنجەرەکەم کەلا کردبوو. بەدڵنیاییەوە ئێستا هەمدیس بۆتەوە بە پەڵە هەورێك.

منداڵەکان ڕایانکردە دەرەوە بۆ باخچەکە. لەقوڵایی ئاسمانیان نۆڕی. هەر بەڕاستیی، دوور... لە قوڵایی ئاسماندا باوکیان بینی کە بە ئاسمانەوە دەشنێتەوە و هەر ڕێك لە پەڵە هەورێك دەچێت.

ئامانج و تارا هەناسەیەکیان هەڵکێشا.

ئامانج گوتی: هەر وەك پشووی هەفتەکەی تر دیار نەما.

تارا یش گوتی: سەیر چۆن خۆی دەنوێنێ!

دایکیان کە ئەو کاتە ئەویش هاتبووە باخچەکە، گوتی: دەی لێگەڕێن با هەر بەوێوە بێت، هەر کە برسیی بێ خۆی دێتەوە خوارەوە.

ئەو باوکەی کە هیچ ناوێکی نەبوو، بە درێژایی ئەو پشووی هەفتەیە پێکڤە لەگەڵ پەڵە هەورەکانی تردا بە ئاسماندا دەهات و دەچوو.

لە ئێوارەی یەکشەممەدا کوتوپڕ هەمدیس دابەزییەوە خوارەوە و لە موبەقەکەدا گیرسایەوە.

ئامانج گوتی: وای باوکە چەند کاڵ بوویتەتەوە !

تارا یش گوتی: کاڵ  هەروەکو هێڵێکی نادیار.

دایکیشیان گوتی: دەی وەرن با نانەکەمان بخۆین.

ئەوجا دانیشتن و چێشت*ێکی زۆریان خوارد.

بەڵام  باوکیان زۆر زیاتری خوارد چونکە یەکجار برسیی بوو.

ڕۆژێکی تر منداڵەکان و دایکیان  بۆ بازاڕ چوون.

بەدرێژایی ڕۆژەکە خەریکی شت کڕین بوون.

کاتێ بۆماڵەوە گەڕانەوە، بینییان گڵۆپەکانی ماڵەکە داگیرساوەو دەرگای حەوشەیش لەسەر پشتە. پێڵاوەکانی باوکیان لە ڕاڕەوەکە بوو، ئەو

---

* لە دەقەکەدا  **Tacos**  ە، کە خواردنێکی مەکسیکییە.

کورسییەی کە باوکیان وا ڕاهاتبوو لەسەری دانیشێ و ڕۆژنامەی لەسەر بخوێنێتەوە، چۆڵ بوو. دەسا کەواتە باوکیان هەمدیس دیار نەماوەتەوە.

دایکیان گوتی: هەبێ و نەبێ لە گەڕاجەکەیە.
ئامانج و تارا گەڕاجەکە گەڕان.
بەڵام تەنها پاڵتۆ درێژەکەی باوکیان لەوێ بە بزمارێکەوە هەڵواسرابوو.

هیچ باوکێك لە گەڕاجەکە نەبوو.

دایکیان گوتی: هەبێ و نەبێ لە ئیشە.
ئامانج و تارا بەرەو شوێنی ئیشەکەی باوکیان کەوتنە ڕێ. ئەوێش هەر تاریك و چۆڵ بوو.

ناچار لۆژ لۆژ بەو شەقامە تاریکەدا بۆ ماڵەوە گەڕانەوە.

کوتوپڕ سێبەرێکیان لە بەرامبەری خۆیاندا بینی.

دەسا ئەوە باوکیان بوو کە خۆی کردبووە سێبەر!
هەر رێك ئەو کاتەی کە خەریك بوو بیگرن، خۆی کرد بە دەروازەیەکدا و دیارنەما.
ئامانج تابلۆی سەر دەروازەکەی خوێندەوە، نووسرابوو:
م ... ی .... و ...ا.. ن ... خ .... ا .....ن
ه..... ...ی
نووسرابوو : میوانخانەی بەهەشت.

بینیان لەناوەوە دارخورما و تووتی لێیە !

ئامانج گوتی: با بچینە ژوورەوە.
وایگوت و دەسکی دەرگاکەی گرت.
بەڵام هەر کە دەرگاکەی کردەوە، هەر هەموو میوانخانەکە بە باوکیانەوە، بە دارخورماکانەوە، بە تووتییەکانەوە، بە هەموو شتێکەوە دیارنەما ! لە شوێنی میوانخانەکەدا تەنها چاڵێکی پڕ لە ئاوی ڕەش بەجێما.

ئامانج گوتی: هیوادارم نەکەوتبێتە ئاوەکەوە.
تارا یش گوتی: کەیفی خۆیەتی. دەی با بچینەوە بۆماڵەوە.

دوای چەند شەو و ڕۆژێك باوكیان هەمدیس بۆ ماڵەوە گەڕایەوە. تەواوێك تەڕ بوو. بەڵام چ قسەیەكی تایبەتی نەبوو كە بۆ ئامانج و ئارا و دایكیانی بیگێڕێتەوە.

ئامانج لێیپرسی: ئەرێ توتییەكان دەیانتوانی بئاخڤن؟
باوكیان گوتی: تووتی چیی؟
ئامانج گوتی: هەڵبەت تووتییەكانی میوانخانەكە!
باوكیان گوتی: میوانخانەی چیی؟
ئەوجا گوتی: ئێستا دەبێ بنووم لەبەرئەوەی هەست دەكەم زۆر ماندووم.

بۆ بەیانی باوكیان دیسانەوە دیار نەما!

دایکیان هەناسەیەکی هەڵکێشا و ئامانج و تارا یش بەدوایدا کەوتنە گەڕان.

دوای چەند سەعاتێك گەڕان باوکیان دۆزییەوە.
لەکوێ؟ لەودیو ئەمبارە چکۆڵەکەی باخچەکەوە.
هەوڵیدا دەست و برد خۆی بکاتە خاکەنازێك،
بەڵام ئامانج و تارا فریا کەوتن و نەیانهێشت.
ئەوسا بۆماڵەوە رایان کێشا.
ئامانج گوتی: دە ئیتر بەسە!
تارا یش گوتی: ئا گوریسێك بێنە.
دایکیان گوریسێکی لە کەلەگییەکە هێنا و جوان جوان بە کورسییەکەوە شەتەکیاندا.

باوکیان کەوتە نووکە نووك و گلەیی کردن.

گوتی: ئەمە ناحەقییە! ئەدی ئینسان بۆی نییە جاروبار تۆزێك دیار نەمێنێت؟ ئاخر من زۆربەی کات لەماڵەوەم! من ناتوانم لێرە دانیشم! بەرەڵام کەن!

مناڵەکان و دایکیان چوونە نێو جێگاکانیان و بەدرێژایی شەو بە دڵی ئاسوودە لێی نووستن.

کاتێك بۆ بەیانی لەخەو ڕابوون، بینیان کورسییەکە چۆڵەو کەسی لەسەر نییە. باوکیان هەمدیس ڕەوییبۆوە.

خۆر هەڵات. کاتێك مناڵەکان تەماشای باخچەکەیان کرد، پیاوە بەفرینەیەکیان بینی!

ئەوە باوکیان بووە کە لە شەودا خۆی کردبووە پیاوە بەفرینە و ئێستایش لەوێدا سپیی و بێجووڵە راوەستاوە و بە دوو چاوانی وەك بەردی بچووك و ڕەش، لە ئاسمان دەنۆڕێ.

دایکیان گوتی: سا خۆ ڕەق دەبێتەوە!
ئامانج گوتی: با بیهێنیینە ژوورەوە، تا لەسەرمادا رەق نەبێتەوە!

ئیدی هەرسێکیان پێکەوە باوکە بەفرینەکەیان هەڵگرت و هێنایانە راڕەوەکە، بەڵام هەر زوو کەوتە توانەوە و هێندەی هەستێڵکێکی گچکەی لێ مایەوە.

دایکیان گوتی: خێرا دەست و برد کەن، وابزانم ئەمجارە ئیتر بە یەکجاریی دیارنامێنێت!
تارا هاواری کرد: خێرا ... قابلەمەیەك .... کەفگیرێك!

ئامانج قابلەمەیەك و کەفگیرێکی هێنا و خێرا بە کەفگیرەکە هەستێلکە گچکە بەفرەکەی خستە قابلەمەکەوە و قابلەمەکەشی خستە سەر تەباخەکە.. بە فرەکە وردە وردە بووە ئاو و ئاوەکەش وردە وردە کەوتە کوڵ. هەڵم لە قابلەمەکەوە بەرز بۆوە و لە هەوایی تەباخەکەدا دیارنەما.

دایکیان هاواری کرد: خێرا.... باوکتان وا خەریکە دەبێتە هەڵم و بە یەکجاریی دەڕەوێتەوە!

تارا گوتی: نا دایکە، بە پێچەوانەوە...تەماشاکە!

ئەوسا قابلەمەکەی لەسەر تەباخەکە داگرت و بینییان باوکێك لە بنی قابلەمەکەدا ڕاکشاوە، باوکێکی زۆر گەرم و زیندوو، بەڵام باوکێکی زۆر زۆر گچکە.

ئامانج گوتی: ئێستا ئیتر دەتوانین لە قوتوویەکی بچووکدا هەڵیبگرین.
وایگوت و ئەوسا چوو قوتوویەکی هێنا.

لەبنی قوتوەکەدا جێگەیەکی نەرم و بچووکیان لە لۆکە چێ کرد و باوکیان لە نێویدا راکشان، ئەوجا ئامانج زۆر بە وریایی سەری قوتوەکەی نایەوە،

پاشان چەند کونێکیان بۆ هات و چۆی هەوا کردە قوتووەکەوە.

ئامانج گوتی: باوکێکی بچووک بچووک باشترە لەوەی کە مرۆڤ هەر هیچ باوکی نەبێت.
تارا یش گوتی: باوکێك لە قوتوویەکدا باشترە لە باوکێك کە تەنێ هەر ئیشی ئەوە بێ دیارنەمێنێ.

ئیدی بۆ لەوەو دوا باوکەکە وازی لە دیارنەمان هێنا و وردە وردەش گەورە و گەورەتر دەبوو تا ئیتر بووە باوکێکی ئاسایی.

ئەوسا ئامانج و تارا ناوێکیشیان لێنا.

*

سەرچاوە:

**Pappan som försvann**
**Anna-Clara Tidholm**
**Alfabet Bokförlag AB**
**2003**